پەیڤێک لە ڕێبازەوە | بەشی یەکەم

جێگیریی دین بە کتێبێکە ڕێنوێنیی بکات و شمشێرێک سەری بخات، وە بەسە کە پەروەردگارت ڕێنموونیکەر و سەرخەرە

"عبد اللەی کوڕی جابر" (رضي الله عنه) کاتێک بە دەستێکی شمشێری بەرزکردبۆوە و بە دەستەکەی تری قورئان؛ وتی: (پێغەمبەر ﷺ فەرمانی پێکردووین بەوەی بەمە لە هەرکەسێک بدەین کە لەمە لا دەدا).

وە بەم کارەی ئەم ئایەتەی تەفسیر دەکرد "لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنْزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ".

(جا مەبەست لە ڕەوانەکردنی پێغەمبەران و دابەزاندنی کتێبەکان ئەوەیە کە خەڵکی بەدادپەروەری بە مافەکانی خودا و مافەکانی خەڵکی هەڵبستن) فتاوی شیخ الإسلام (٢٦٣\٢٨).

وە لە گەورەترین مافەکانی خودای گەورە کە پێغەمبەرانی لەسەر ڕەوانەکراوە، وە هەموو کتێبەکانی خوای گەورەی لەسەر دابەزێنراوە؛ ئەوەیە کە خەڵکی یەکخواپەرستیی خوا بچەسپێنن، یەکخواپەرستیش ئەوەیە کە بەندایەتی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا تەنها بۆ خوای گەورە بنوێنن، چونکە بانگەوازی گشت پێغەمبەران و کتێبەکانی خوای گەورە لە یەکەمیانەوە تا دواییینیان باس لەم مافە گەورەیە دەکەن، کە ناوەڕۆکەکەی ئەوەیە:-

- یان بانگەوازە بۆ چەسپاندنی ئەم مافە و بەرپاکردنی، یان فەرمانە بۆ بانگەواز بۆکردنی و ئارامگرتن لەسەری، وە یان هاندانە بۆ جیهادکردن لە پێناوی چەسپاندنی و دۆستایەتیکردن و دوشمنایەتیکردن لە پێناوی.
- وە یان هەواڵدانە دەربارەی پاداشتی (ئەو کەسەی کە دەی چەسپێنێ و بەرپای دەکات و جیهاد دەکات لە پێناوی)، وە ئەو خۆشییە نەبڕاوەیەی کە خوای گەورە بۆی ئامادەکردووە.
- وە یان بانگەوازە بۆ بەرائەت لە شیرک و هاوەڵدانان بۆ خوای گەورە، وە بانگەوازە بۆ جیهادکردن لە دژی شیرک و ئەهلەکەی و تێکۆشان بۆ ڕیشەکێشکردنی بە هەموو شێوەکانی لەسەر زەوی.
- وە یان هەواڵدانە دەربارەی چارەنووسی ئەو کەسانەی کە ڕوو وەردەگێڕن لە چەسپاندنی ئەم مافە و دژایەتی دەکەن و دژایەتی لایەنگرانی دەکەن، وە لە کۆتاییدا تووشی چ سەرشۆڕی و پەشیمانییەک دەبن، وە خوای گەورە چ سزایەکی سەخت و بەردەوامی بۆیان ئامادەکردووە.

گشت کتێبەکانی خوای گەورە و پەیامی گشت پێغەمبەرەکانی لە یەکەمەوە تا دوایەمینیان؛ لە باسی ئەم مافەدا چڕبوونەتەوە و دەخوولێنەوە.

چونکە ئەمە گەورەترین و بەرزترین ئامانجە کە خەڵکی لە پێناو دروستکراوە و پێغەمبەرانی لە پێناو ڕەوانەکراوە و کتێبەکانی لە پێناو دابەزیوە.

پاشان خوای گەورە دەفەرمووێ: "وَأَنْزَلْنَا الْحَدِيدَ فِيهِ بَأْسٌ شَدِيدٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ وَلِيَعْلَمَ اللَّهُ مَنْ يَنْصُرُهُ وَرُسُلَهُ بِالْغَيْبِ" (الحديد: ٢٥).

جا هەرکەسێک پشتی تێبکات و بەدادپەروەری پێی هەڵنەستێت، وە بە ڕووی پێغەمبەران و بانگخوازانی دابداتەوە؛ ئەوا بە شمشێر ڕاست دەکرێتەوە.

وە ئەمەش مانای فەرموودەکەی پێغەمبەری خوایە ﷺ کە دەفەرمووێ: "بُعِثْتُ بَيْنَ يَدَيِ السَّاعَةِ بِالسَّيْفِ حَتَّى يُعْبَدَ اللَّهُ تَعَالَى وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، وَجُعِلَ رِزْقِي تَحْتَ ظِلِّ رُمْحِي، وَجُعِلَ الذُّلُّ وَالصَّغَارُ عَلَى مَنْ خَالَفَ أَمْرِي، وَمَنْ تَشَبَّهَ بِقَوْمٍ فَهُوَ مِنْهُمْ" رواه الإمام أحمد عن ابن عمر، واتە: (لەپێش قیامەتدا بە شمشێر ڕەوانەکراوم، هەتا خوای گەورە بەبێ هیچ هاوەڵێک بپەرسترێ، وە ڕزق و ڕۆزیم خراوەتە ژێر سێبەری ڕمەکەم، وە سەرشۆڕی و بچووکی کراوەتە بەشی ئەو کەسەی کە سەرپێچی فەرمانەکانم دەکات، وە هەر کەسێک خۆی بە گەلێک بشوبهێنێت؛ ئەوا لەوانە).

(هەرکەسێک لە قوڕئان لا بدات، ئەوا بە ئاسن ڕاست دەکرێتەوە، لەبەر ئەمەیە کە دین بە قوڕئان و شمشێر وەستاوە) الفتاوى (٢٨\٢٦٤).

بۆیە پێویستە بانگخوازە ڕاستگۆکان لە هەموو کاتێکدا ئەم مافە بکەنە خولگەی بانگەوازەکەیان، وە بی کەنە مونتەڵەقی وتار و تێڕوانینەکانیان، وە بی کەنە ناوەڕۆکی پێوەرەکانیان، لە گۆڕەپانەکانی بێن و بچن، وە لە دەوری بسووڕێنەوە، وە لە پێناوی تاقی بکرێنەوە و زیندانی بکرێن، وە لەژێر ئاڵاکەی جەنگیان لەگەڵ بکرێت و بکوژرێن.

وە پێویستە لەسەریان بەردەوام هەوڵی بەرپاکردنی بدەن لەژێر ڕۆشنایی قوڕئان و سوننەت بە بەڵگەی ڕوون و ئاشکرا، جا هەرکەسێک لە ڕووی بوەستێتەوە و ڕەتی بکاتەوە ئەوا بە ئاسن ڕاست دەکرێتەوە.

جا ئەگەر لە توانایاندا نەبوو لە کاتێکی دیاریکراو و دەستیان پێی نەدەگەیشت؛ ئەوا بۆیان نییە لە حساباتی خۆیانی وەدەرنێن و فەرامۆشی بکەن، بەڵکو دەبێت لەگەڵ قوڕئان بسووڕێنەوە؛ قوڕئان هەرچۆنێک سووڕایەوە و بەجیددی هەوڵی خۆئامادەکردن بدەن بۆ چەسپاندنی بە ئاسن.

هەموو ئەوانەی کە ڕاستی ئەم دینە دەزانن (هەتا دوژمنانیش) دەزانن کە دینی تەوحید و جیهادە، دینی بانگەواز و جەنگە، قوڕئان و ئاسنە، وە باش ئەوە دەزانن (مادەم ئەم دینە ڕەت دەکەنەوە و ڕەتی دەکەنەوە کە بەرپا بکرێت بەدادپەروەری) ئەوا ئیسلامیش ڕەتیان دەکاتەوە و ناڕاستییەکەشیان ڕیشەکێش دەکات زوو یا درەنگ، ئەوان باش دەزانن کە موحەممەد ﷺ بۆ سەربڕینی ئەوان و نموونەی ئەوان نێرراوە، وە بەم شێوەیە ڕووبەڕووی نزیکترین کەسەکانی بوویەوە، هۆز و گەلەکەی کاتێک ڕەتیان کردەوە ئەم مافە بەرپا بکەن بەدادوەری، بۆیە ئاگاداری کردنەوە لە ئامانجەکەی پێش ئەوەی پێی بگات بە چەند ساڵێک، فەرمووی: "گوێتان لێیە ئەی کۆمەڵی قوڕەیش، سوێند بەو کەسەی گیانی موحەممەدی بە دەستە، بۆتان

هاتوومە بە سەربڕین"، پاشان بەباشترین شێوە پێی هەڵسا؛ کاتێک خوای گەورە ئیسلام و ئەهلەکەی بە ئاسن بەهێزکرد.

وە ئێمە بە ویستی خودا لەسەر شوێنپێی ئەو و لەسەر ڕێبازی ئەو دەڕۆین و بە سوننەتی ئەو هەڵدەستین و لەگەڵیشی جەنگاوەر دەبین، " وَكَأَيِّنْ مِنْ نَبِيٍّ قَاتَلَ مَعَهُ رِبِّيُّونَ كَثِيرٌ فَمَا وَهَنُوا لِمَا أَصَابَهُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَمَا ضَعُفُوا وَمَا اسْتَكَانُوا وَاللَّهُ يُحِبُّ الصَّابِرِينَ"، واتە: (چەندەها پێغەمبەر هەبوون کە خواناس و پیاوچاکانی زۆر لەگەڵیدا بوون و دژ بە دوژمنان جەنگاون، جا ئەوانە هیچ کات سستی و بێزاری و بێتاقەتی ڕووی تێنەکردوون؛ بە هۆی ئەوەی کە تووشیان هاتووە لە پێناو ڕێبازی خوادا، لاواز و بێهێز و سەرشۆڕیش نەبوون بۆ دوژمنان، خوای گەورەش ئارامگر و خۆڕاگرەکانی خۆش دەوێت).

شێخی ئیسلام "ئیبن تەیمییە" دەفەرمووێ: (بوونی خواناس و زانای زۆر لەگەڵ پێغەمبەر کە جەنگ بکەن و دوژمنان بکوژن؛ ئەوە پێویست ناکات کە پێغەمبەر لەگەڵیان بێت لە جەنگدا، بەڵکو هەرکەسێک شوێنکەوتووی پێغەمبەر بێت و لەسەر دینی ئەو جەنگ بکات؛ ئەوا ئەو کەسە لەگەڵ پێغەمبەر جیهادی کردووە، وە هاوەڵانی پێغەمبەر ئا بەم شێوەیە لە دین گەیشتبوون، بۆیە گەورەترین جەنگیان لەدوای کۆچی دوایی پێغەمبەر ﷺ بوو، هەتا وڵاتی شام و میسر و عێراق و یەمەن و عەجەم و ڕۆم و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایان ڕزگارکرد، ئا لەو کاتەدا زۆری ئەو کەسانە بەدیارکەوت کە لەگەڵ پێغەمبەردا جیهادیان کرد، ئەوانەی جەنگیان کردووە و تووشی ناخۆشی بوونە و لە هەمان کاتدا لەسەر دینی پێغەمبەران بوونە؛ زۆرن، وە لەم ئایەتەدا پەند و عیبرەت هەیە بۆ گشت باوەڕداران هەتا ڕۆژی دوایی، بۆیە هەموویان لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ و لەسەر دینی ئەو جیهادیان کردووە، ئەگەر چی پێغەمبەر ﷺ خۆی کۆچی دوایی کردووە، وە ئەوان ئەم ئایەتە دەیان گرێتەوە: (مُحَمَّدٌ رَسُولُ اللَّهِ وَالَّذِينَ مَعَهُ أَشِدَّاءُ عَلَى الْكُفَّارِ رُحَمَاءُ بَيْنَهُمْ)، هەروەها ئایەتی: (وَالَّذِينَ آمَنُوا مِنْ بَعْدُ وَهَاجَرُوا وَجَاهَدُوا مَعَكُمْ فَأُولَئِكَ مِنْكُمْ)، بۆیە مەرج نییە ئەو کەسەی لەگەڵ پێغەمبەر بێت سەیری پێغەمبەر بکات و لەپێش چاوی بێت) مجموع الفتاوى.

جا ئێمە بەڕاشکاوی ئامانجەکانمان بە دوژمنان ڕادەگەیەنین، پێیان دەڵێین: ئەگەر چی ئێمە ئەمڕۆ ناتوانین لەناویان ببەین، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئێمە جیهادمان لە حیساباتی خۆمان لابردووە، نەخێر! بە هیچ شێوەیەک بۆمان نییە ئەو کارە بکەین، وە ناتوانین لە بیری خۆمانی ببەینەوە، لەبەر ئەوە بە شەو و ڕۆژ پەنا بۆ خوای گەورە دەبەین و لێی دەپاڕێینەوە لە بەیانییان و ئێواران؛ تا توانامان پێبدات سەری هەموو دوژمنانی ئەم دینە بپەڕێنین، وە هەموو جووڵە و وەستان و هەناسەیەکمان خۆئامادەکردنە بۆ ئەو کارە.

وە دوژمنانی خوا ئەمە باش دەزانن، وە ئەوەش دەزانن کە بانگخوازە بەزیوەکان لایان داوە و بەگاڵتەجاری دەیانەوێ قورئان لە ئاسن جیا بکەنەوە، وە دەزانن کە ئەم بانگخوازانە جاهیلن لە دینی خوا، وە دەش زانن کە لە فەرمانە شەرعییەکانی خوای گەورە و سوننەتە گەردوونییەکانی لایان داوە، وە لە دینی ئیسلام تینەگەیشتوون.

شێخی ئیسلام "ئیبن تەیمییە" فەرموویەتی: (وە دینی ئیسلام ئەوەیە کە شمشێر شوێنکەوتووی قورئان بێت، جا ئەگەر عیلم بە قورئان و سوننەت سەرکەوت، وە شمشێریش شوێنکەوتووی ئەمە بوو؛ ئەوا دینی ئیسلام بەرپابووە) الفتاوی (٣٩٣\٢٠).

وە هەروەها فەرموویەتی: (جێگیریی دین بە کتێبێکە ڕێنوێنیی بکات و شمشێرێک سەری بخات، وە بەسە کە پەروەردگارت ڕێنوێنیکەر و سەرخەرە).

نووسینی: شێخ ئەبوو موحەممەدی مەقدسی | وەرگێڕانی: پێشەنگ عبد الله

